باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق: داوا لە عێراق دەکەین کارمەندان و دامەزراوەی دیپلۆماسییەکان بپارێزێت

باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا داوا لە حکومەتی عێراق دەکات کارمەندان و دامەزراوەی دیپلۆماسییەکان بپارێزێت.

دوای ئەو هێرشە مووشەکییەی بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی کرایە سەر باڵیۆزخانەکەیان لە بەغدا، وتەبێژی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە راگەیەندراوێکدا رایدەگەیەنێت، هێرشەکە هیچ زیانێکی گیانی نەبووە و داوا لە حکومەتی عێراقیش دەکات نەردەی دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بپارێزێت.

وتەبێژی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەشداوە، جارێکی دیکە داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین، ئێوەی لە توانایدایە بە پاراستنی تیم و نێردەی دیپلۆماسییەکان بیکات، هاوکات دووپاتیدەکاتەوە مافی خۆیانە هەموو رێگەیەك بۆ پاراستنیان لە هەر شوێنێکی جیهاندابێت بگرنەبەر.